# بوحراني كؤمةلآيةتي لة بواري ئافراندن دا ... ئةحمةدي مةلا

کردەی رۆشنفیکریی وەك هەر دیاردەیەکی دیکە دەبێ هەمیشە بخرێتە ژێر توێژینەوە و لێکدانەوە و تێفکرین و لەوێوەش هەڵهێنجانی پرسیاری نوێ و روانینە ئاسۆی دوورتر و بەخشینی رەهەندی قووڵیش بەم دیاردەیە. هەڵبەتە کێشەکانی کولتووری ئێمە هەند زۆرن ناکرێ نە بە کەسێ نە بە گرووپێ نە بە نەوەیەکیش چارەسەر بکرێن. ئەوەی بۆ ئەم قۆناغەش گرینگە دۆزینەوەی گشت رێگاچارەکان نییە بە قەد ئەوەی دۆزینەوەی ئاراستەیەکی دروستە. هەڵبەتە هەر لەم چەند دێرەی سەرەوە پرسیاری "ئایا چ ئاراستەیەك دروستە؟" بەرەو روومان دەبێتەوە!

ئاراستەی دروست هەڵبەتە لەوێوە دەست پێدەکات کاتێك بارستایی و کۆنترۆلکردن لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کە لە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەوێت بە تەواوی بنبڕ بکرێن. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتی سیاسی پاڵپشتی رۆشنبیریی نەکات، بەڵکو دەبێ لە میکانیزمێك بگەڕێت کە هاوسەنگی بکاتە بنەمای بۆ ئەم پەیوەندییە.

ئەوەی من دەمەوێ جەختی لە سەر بکەم و بیکەمە مەداری ئەم تێڕامانە و ئەم پرسیارەی خوارەوە لە خۆم بکەم : "بۆچی کاری ئافراندن لە نێو رۆشنبیریی ئێمەدا تاکخواز نەبووە و بۆچی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش وابەستەی سیاسەتن و سیاسەتیش وابەستەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانن و کاریگەرییەکی دەسەڵاتخوازانەش بە سەر ئافراندنەوە جێدەهێڵێت؟"

مێژووی ئافراندن لە کۆمەڵگای ئێمە، مەگەر زۆر دەگمەن ئەگینا قەد تاکخواز نەبووە و بۆیەشە بەشێکی زۆری، ئەگەر نەڵێم سەرتاپای لە ژێر چەتری کۆمەڵایەتی دا چەقەرە و نەشونمای کردووە. زەخمی کۆمەڵایەتی بە تەواوی کردەی ئافراندنی خستۆتە نێو بۆتەی خۆیەوە و بەرهەمەکەشی قۆزتۆتەوە و لە دیدەنیگا و جیهانبینی خۆیەوە چمکەکانی دارشتووە و وەزیفەی نوێی بۆ دۆزیوەتەوە و لە دوا هەوڵیش دا کردوێتیە بەشێك لە پێکهاتەکانی خۆی. کاتێکیش باس لە زەخمی کۆمەڵایەتی دەکەین نابێت رەهەندە سیاسیەکانمان لە یاد بچێت نەك هەر ئەمەندەش بەڵکو ئەم دوو دیاردەیە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکان دا تێکهەڵکێشی یەکتر بوونە. ئەم دوو دیاردە جیاوازە لە تەواوکەریی دا هەڵدەکەن و کارێکی سلبی دەکەنە سەر رەوتە سروشتییەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتیی و بە شێوەیەکی تایبەتیش رێڕەوەکانی ئافراندنیش دەقەتیسێنن.

بۆیە سیاسەت لە یەکێ لە دیاردە زەقەکانی دا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگایە، هەر لێرەوشە کە ئەم هێزە کۆنترۆڵکەرانە رێ لە کۆمەڵگا مەدەنییەکان دەگرن لەوەی بە کاروباری تەوای خۆیان هەڵسن و نەبنە فاکتەرێکی بزوێنەر لەو کۆمەڵگایانە و هەنگاوی گرینگ بەرەو شارستانییەت هەڵنێن. بۆیە بێوچان پێویستیان بە شەهادەتی دەرووەوە هەیە تا دانیان پێیابدەن. ئەم دیاردەیە لە رواڵەت دا ئاساییانە پیادە دەبێت بەڵام بە تێپەڕینی کات کاروکاردانەوەی نەك تەنها بە سەر داهێنان دا بە جێ دەهێڵێ بەڵکو کاروکاردانەویەکی سلبیش بە سەر ئابووری و پیشەسازی هتد بەجێدەهێڵێ. چونکە کاتێك کۆمەڵ بە تەواوی ئازاد دەبێت، سیاسەت تەنها هەر دیوە وەزیفیەکەی بۆ دەمێنێتەوە، هەر ئەمەشە سیاسەتمەداری ئێمە گەرەکێ نییە و

زەربەیەك لە بەرژەوەندییەكانی دەدات و مانەوەشی وەك ئاندامێكێ چالاكی كۆمەڵگا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە دونیای پێشكەوتوو، سیاسەتمەدار، ئابووری ناسە ، مامۆستای زانكۆیە یا هەر پیشەیەكی دیكەی لە نێو كۆمەڵگا هەیە كەچی لای ئێمە ئەگەر سیاسەتمەدار ئەگەر سیاسەت نەكات، بێ وەزیفە دەمینێتەوە. لێرەوە هەموو هەوڵ و تەقەلاكان دەخرێنە گەڕ لە پێنا و بە سەمبولاندنی بە شێكی زۆری دیاردە كۆمەلایەتیەكان. سەمبۆلاندنیش واتە پیرۆزاندن. ئا لێرەوە سێ چمكەێ : حیزب، بنەماڵە، تێكهەڵكێشی چمكە كۆمەلایەتییان دەبێت و لە یەك بۆتەدا دەتوێنەوە دەبنە یەك. یەكیش خۆی لە خۆی دا بەرهەمهێنەری سەمبۆلە. واتە گەیشتینە دامەزراندنێ ماشینێك كە رۆڵێ بەرهەمهێنانی سەمبۆلی دەبێت، بە واتایەكی دی گەیشتینە بنبەست.

ئیتر هەر ئەو مانا و واتای نوێ دەبەخشێتە كۆمەڵگا و هەر ئەویشە وەزیفەكانی ئافراندن دەسنیشان و دیاری دەكات.

هەر بۆیەشە كاتێك رەوت و رێبازی "نوێخوازێ" بە هوروژمێكی نوێوە گەیشتە كوردستان، كۆمەڵگا ئەگەر بە تەواویش ئامادە نەبوبێت هەرسی كات و مامەڵەی گونجاوی لە گەڵ بكات، بەلام توێژێك هەبوون كە دەیانتوانی هەرەكەتێكی دیكەی پێ بدەن و كردەی داهێنان بكەنە خەسڵەتێكی سروشتی كۆمەڵ. لە سالانی حەفتاوە رۆشنبیریی كوردی نەیتوانیوە پێناسەیەكی گونجاو بۆ "نوێخوازی" بدۆزێتەوە لە دا هەوڵ و تەقەلا گەڕان بووە بە دوای تازەترین فیكری رۆژئاو و بە ئاسانترین شێوەش لاسایی كردنەوەی شیكلە هونەرییە غەریبەكان بووە. بە بێ ئەوەی نوێخوازی وەكو وەرچەرخانێكی سەرتاپاگەریی و یەكجارەكی كۆمەڵگاو كوردی لە چاخناوەندەوە بۆ ئاوەدانی شارستانییەت بگوازێتەوە. بێگومان گەیشتن بەم ئامانجە تەنها ناكەوێتە سەر ئەستۆی رۆشنفیكران، بەلام پێداگرتن و جەختكردنە سەری بە كارێكی رۆشنبیریی دەدرێتە قەڵەم.

بۆیە چمكی نوێخوازی لە كۆمەڵگای ئێمە خێرا رووت دەكرێتەوە و دەبێتە چەند شیكلێكی "غەریب و عەجیب" كە هەندێ جار لە شیكلی سوریالییەتێكێ لە كاتترازاو، یا چەند تیۆرییەكی كە هەر تەنها لە قاپیلغی خۆی دا دەمینێتەوە. چونكە ئەگەر بێت و نوێخوازی وەك و جیهانبینیەكی سەرتاپاگەری مامەڵەی لە گەڵ بكرێت، ئەو كات بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ئیش لە سەر ئەو سێكوچكەیە دەكات بە بێ ئەوەشێ لە ئامانجە بنەڕەتیەكانی خۆشی دوور كەوێتەوە كە ئەویش كردەێ ئافراندنە. بۆ نموونە تیۆرییەكانی پۆستمۆدێرنە چ گرینگییەكی بۆ كۆمەڵگایەك هەیە كە هێشتا بە تەواوی چارەسەری ئاو و كارەبای بۆ نەدۆزراوەتەوە.

نوێخوازی لێپرسراوی و لێپرسرینەوەش دەگرێتەوە بە تایبەت لە كۆمەڵگایەك دا كە زۆربەی كارەكان بە رێگای ناشرعی چارەسەر دەكرێن، نوێخوازی لە دوا هەوڵ دا ئاشكراكردنی گەمەكانی كۆمەڵە، هەر لە گەمەی هەڵبژاردنەوە بۆ دەسنیشانكردنی فەرمانبەرێكی بالا هتد. واتە تاك دەبێ هەموو مافەكانی بە نووسراوی بۆ دیاریكرابێت.

كەواتە نوێخوازێ هەرگیز بە دڵێ سیاسەت نابێت لەو كۆمەڵگایانەی كە بە هەمان عەقلییەتی لای ئێمە كار دەكەن. چونكە نوێخوازێ تەنها لادان نییە لە شیكلە شیعرییەكانی گۆران و بێكەس، پەنا بردنە بەر تەكنیكی نوێ نییە بۆ نووسینی چیرۆكێك و رۆمانێك، بەڵكو نوێخوازی روانگەیەكی سەرتاپاگەرییە و تێكڕای بینینە تەقلیدییەكان بە بێ گوێ دانە ئەو سنوورانەێ كە كۆمەڵگایەكی حەمبەلی دایدەرێژێ و جورئەتێ ئەوەشی نابێت كە تەماشای جەستەی خۆی

بکات، دەبێ تەماشا بکرێت.
هەموو پرۆژەیەکی لاتەریکی نوێخوازی کاتێك دەسەڵات بەڕێوەی دەبات دەبێت بە چاوی گومانەوە تەماشا بکرێت چونکە هەندەی مەبەستی ئەو جۆرە سیاسەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو نوێخوازییەك تەرخان دەکات کە سنوورە باوەکانی وی تەی دەکات، هەندە ئامادە نییە بچێتە نێو گەمەی پرۆژەیەکەوە ئاسۆکانی روون و ئاشکرا نەبن. چونکە لە دوا پێناسەکانی نوێخوازی خزینێکە بەرەو نادیار و گەمەیەکە لە گەڵ نەناسراو، هەموو کردەیەکی سیاسیش حسێبێکە بەرەو زامین کردنی داهاتوو. ئەم دوو پرۆژەیەش هەردووك شەرعین، بەڵام حیزبی بنەما جێگیر ئەویتری تەنها بە مەرجەکانی خۆی قبووڵ دەکات.
کۆمەڵگای رۆژهەڵات، بە تایبەتی کۆمەڵگای ئێمە کە لە کۆتایی دا زیاتر لە چەند خانەیەك پێکدێت کە بەهاکانی خێزان و خزمایەتی و لە دوا هەوڵەکانی لە هاوشاریی پێکدێت، تا لە پرۆژەی شارستانی کە بیر لە دابێنکردنی مافەکانی تاکەکەس بکاتەوە و هەموو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری مننەتێکە دەدرێتە رووی هاووڵاتی. کەسیش نییە بە تەوای پەنجە بخاتە سەر ئەم کێشانە بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە هەموو هەوڵی ئەوە دەدات کە خاڵە لاوازەکانیشمان بە خاڵی توانایی و نموونەیی نیشانی دەرەوەی خۆمان دەین. دەشمانەوێ جەخت لە سەر ئەوە بکەین کە لەم دە دوانزە ساڵەی دایی رەورەوی پێشکەوتنمان گەیشتۆتە ئاستی شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی دونیا، لە کاتێك هەمان دەسەڵات تا ئێستا و بگرە لا ئایندەش بتوانێ تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانی بۆ هالاتیان دابێن بکات کە کەمۆکەیەك لە سەرووی ئاستی حیزبەوە بێت. ئەمەو هاموو کاتێکیش دا بچووکترین کاری خزمەتگوزاری هاووڵاتیان لێی بێ بەشن. قیرتاوکردنی جادەیەك بە دەیان جار دەدرێتە رووی هاوڵاتی بە بێ ئەوەی هاوڵاتی مافی لێپرسینەوەی لە مەر دەسکەوت و داهاتی حکوومەت هەبێت. چونکە کەسیك نییە بە راشکاوە بڵێت کە سامانی هەموو حکوومەتێك سامانی گەلە و دەبێ بە ژیرییەوە خەرج بکرێت.
یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارییەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە وەکو میراتیش بۆمان ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە بۆ مانەوەمان هەمیشە لە فێڵی نوێ دەگەڕێن. ئێمە میللەتێکین هەمیشە جادوو لە خۆ دەکەین. گەشە کردنی تەواوی کۆمەڵگایەك هەرگیز لە روخساری رووکەشی چەند بینایەك و یەك دوو باخچەی گشتی و یەك دوو شەقامی پان و پۆڕ و یەك دوو پردی پێویست پێکنایەت. هەروەها بە چاپکردنی سەد دوو سەد کتێب و بەخشینی خەڵاتی بێ ناوەرۆکیش پێکنایەت. پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی پلەیی و رێژەیی بە لێپرسرینەوە، لێپرسرینەوەی هاووڵاتیێ بۆ حاکیمڕەوا. هەمومان لە تەلەڤزیۆنی رژێمی پێشوو دەمانبینی چۆن باسی پرۆژەی ئاوەدانی دەکردە پرۆگرامی خۆی. ئەمە خەسڵەتێکی رژێمە شموولییەکانە، چونکە دەیەوێ بە هاووڵاتییەکی لادێ نشین و دەوارنشین رابگەیەنێت کە چ خزمەتێك دەکرێت. بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەمان هاووڵاتیێ بۆی نییە باسێ بودجەێ ناوچەکەێ، یا لادێییەکەی خۆی بکات. خۆگوزەرانی هاووڵاتییان خەڵات نییە بەڵکو پێداویەستییە.
کاتێك دەچینە بواری رۆشنبیریش هەمان میکانیسم دووپات دەبێتەوە. بۆیە کاتێك سەرتاپای ئەو پرۆژە رۆشنبیرییانە بە سەر دەکەینەوە دەبینین پرۆژەکانی نوێخوازێ کەرت دەکرێت و پچڕ پچڕ دەکرێت و لە کۆتایش دا بۆی نییە بە پرۆژەیەکی سەرتاپاگەری تەماشا بکرێت. بابەتە بە ناو موحەرەمەکان کەس ناوێرێ توخنیان کەوێت. کەسێك بۆی نییە خۆی لە قەرەی

بابەتە جەوهەرییەکان بدات. چونکە بژێوی سەدان بەلکو زیاتری نووسەران چ راستەوخۆ حیزب دەیدات بە بێ ئەوەی بە کارێکی رۆشنبیریی شیاویش هەڵسن. لە ژووری نالەبار وەکو فەرمانبەری بێ فرمان هەموو رۆژگار بە دەوری سۆبەیەکی نەوت دا بەرێوەدەبەن کە تانها بە بە بەسەرکردنەوە هەڵەهەڵگرتنی چەند لاپەڕەیەکی یەکێ لەو رۆژنامانەکانەوە بەسەر دەبەن.

چونکە پرۆژەی نوێخوازی لە تەك کۆمەڵگای تەقلیدی بە دوو نەیار دەکەن، یەکەمیان پرۆژەیەکە دەیەوێ گەمەکانی کۆمەڵ لە سەرمافی تاکەکەس سەقامگیر بێت و دووەمیانیش هەمیشە خۆی دەدزێتەوە لە ژێر حەنجەتێ جۆراوجۆر : جارێکیان بە حەنجەتێ کە هێشتا کۆمەڵگا ئامادە نییە، جارێکی دیش بەوەی کە ئاین رێگامان ناداتێ و جارێکی تریش بەلێ قبووڵمانە و لەم رووەوەش هەنگاو دەنێن، دە پات دەبێتەوە. یەکێك لەو گرفتانەی کە بە تەواوی جەختی لە سەر نەکراوە کێشەی عەلمانییەتە کە هەمیشەو بێوچان بە فیکرەی ئیلحادەوە گرێکوێرەی لێ دەدەن. ئەو عەلمانییەتەی کە کۆمەڵگاکانی ئێمە گەرەکێتی تەنها ئەوەیە کە بە روون و ئاشکرایی چەمکە نوێیەکان بۆ هاوڵاتی روون کرێتەوە: عەلمانییەت، دیموکراسی، ئازادی، کۆمەڵگای مەدەنی، هەلبژاردن، سەرتاپای ماف و ئەرکەکان کە کۆمەڵگای نۆی داوای دەکات. گەلێکجار هەست دەکەین بە ژێر لێوەوە ئەم چمکگەلە بەس دەکرێن. ئەو حیزبانەی کە لافی دیموکراسییەت لێ دەدەنم تا ئێستا چەند کوررسیان لە بارەی گەمەکانی دیموکراسییەوە نووسییەوە و بلاوکردۆتەوە. چەند بڵاوکراوە لەمەڕ گرفتە ئەزەلییەکانی یاکگرنتەوە هەردوو ئیدارەکە بلاوبۆتەوە؟ ئەی چۆن داوا دەکەین تەجرەبەکەمان لە سەرتاپای عێراق دا تەتبیقکرێت! چ تەجرەیەك؟ تەجرەبەی دوو حکوومەت و یەك پەرلامان و سەرۆکێك تا ئێستا ئەوە دە دوانزە ساڵە هێشتا سەلاحییەتاکانیان نەخستۆتە سەرکاغەز! ئەمە سیاسەتە زارەکییە جۆرە پاشەقوولێکە لە میللەت دەدرێت.

کاتێك بە روونی شتەکان باسناکرێن، رۆشنبیریش لەو کۆمەڵگایانە رۆڵێکی یەجگار پاسیڤی بۆ دەمینێتەوە. چونکە بەشێکی هەرە زۆری چالاکییە ئەدەبی و ئێستێتیکییەکان لە ژێر سێبەر و چەتری دەسەڵات دا دەخەملێ ئەگەر نەڵێین بەخێو دەکرێت. هەر ئەو فلانە کەس خەڵات دەکات و ئامێری راگەیاندنی بۆ تەرخان دەکات و وەکو چۆن ئەو دەیەوێت عەرزی دەکات و لە کۆتایش دا بەو مەبەستەی کە بیکاتە بەشێك لە ستراتیژییەکەی خۆی و وەکو پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی ئاورێ لێ بدرێتەوە. هەر لە بەر هەمان هۆشە رۆشنبیر لە پەراوێزی ئەو کۆمەڵگایانە دەژێت. ئەگەریش لە سەر خوانی سیاسەت بە خێو نەکرێت، ئەوە لە دوا تەقەڵادا هەر وەکو پاشکۆی ئەو سەیر دەکرێت. بێگومانین لەوەی کە دەزگای داپلۆساندن و راونان بەکار ناهێنرێن بۆ ئەوەی رۆشنفیکر بە شانوباڵی دەسەڵات دا هەڵدات، بەڵام رێگاکان هەند تەسك دەکرێتەوە تەنها هەر چەند رچەیەك دەمینێتەوە کە بەرەو سەمبۆلەکانی ئەو دەیانبات. بۆیە بە ناچاریی رۆشنبیر لە دەوری سەمبۆلەکانی دەسەڵات دا دەخوولێتەوە. چونکە ئەو سەمبۆلانە بە میکانیزمێکی دیاریکراو نیشان دەدرێن کە هی سەرتاپای کۆمەڵگایە. ئیتر شتێکی ماددی نییە و دەچێتە پاڵ دونیای رۆحانییەت.

لە خۆڕایی نییە کە موفرەدەکانی رۆح، نەمریی، هەمیشەیی زیاد لە پێویست بەکار دەهێنرێت.

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە زەقەکان لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە دیاردەی " ئەدەبی دوای

ڕاپەڕین"ە کە بە شێوەیەکی زۆر زەق دێتە سەر شانۆی نمایش. ئەم دیاردەیە هەندی جار خودی سیاسەتیش تێدەپەڕێنێ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتیی جێگای بگرێتەوە. ئەم دیاردەیە بە بۆچوونی ئێمە بەرزترین ترۆپك بوو کە ئەم جۆرە ئەدەبە ویستی بیقۆزێتەوە و وەکو ڕەهەندێکی دیکەی سیاسەت هاتە پێشەوە و هەندێ جاریش ئەو ئاراستەکانی سیاسەتی دیاری دەکرد. ئەمەش تەنها و بە تەنها سەرکەوتنی سیاسەت دەگرێتەوە. ئیتری ئەوی "زمان" پیادە و هەستی نەتەوایەتی دەخەملێنێ. لە زەرفی یەك دوو مانگ دا، بە پەرەمووچی هەمان ئەکتەران، لە شیوەی ئەدەبی نوێ خۆی سەر لە نوێ عەرز دەکات. ئەگەریش لە خەسڵەتەکانی ورد بینەوە، ئەوە جارێکی دیکە پەنا دەبەینە بەر زاراوەکانی دونیای سیاسەت. مەبەست لە "ئەدەبێکە کە سیاسەت ئازادی بۆ دابێن دەکات". تەنها هەر ئەمەشە یەکێ لە پێناسە هەرە زەقەکانی ئەدەبی دوای راپەڕین. واتە جارێکی دیش ئەدەب لە بوحران دایە! چونکە ئەگەر ئەم تێرم و زاراوانە سەبارەت بە ڕەوتی سیاسی ڕاست و دروست بێت، هەڵبەتە بۆ دونیای داهێنان کورت دەهێنێ.

چونکە بوحرانی کۆمەڵگایەك دەکرێ لە ساتەوەختێك دا لە پنتێك دا کۆبێتەوە و لەوێوە بتەقێتەوە، بەڵام تەقینەوە و وەرچەرخانی ئەدەب لە باروزرووفی دیکە و جوداوازدا روو دەدات. میکانیزمی ئیشکردن لەم دوو بارەدا جیاوازن، مەبەست لە بواری زمان و بواری سیاسەت. ئەگەر سیاسەت بە زانستی مومکین خوی بناسێنێ، ئەدەب تەنها رێگاکانی نامومکین هەڵدەبژێرێ. بۆیە سیاسەتمەداران کاتێ ئەدەبێك دەبینن بە تەواوی و وەکو پێویست لە سیاسەت دوور کەوتۆتەوە زۆر بە جیدیی وەریناگرن.

ئەم بینین و خوێندنەوەیە بە هیچ تەرحی نوێ نییە، بەڵکو دووبارە بوونەوەیە. واتە جۆرە تەمەللۆکردن و خاوەنداریێتی ئەدەب و زمانەکەی دەناسرێتەوە. کەس نکوڵی لەوە ناکات کە گەشەکردنی زمان و ئەدەب پێوەیستی بە کەش و ئاوهەوایەکێ ئازاد هەیە، بەڵام نەك لە پێناو نووسینەوەی سیاسەت، بەڵکو شتێکی جوایەز.

لێرە دەکرێ دیاردەی رێفراندۆم وەکو نموونەیەکی ئەم بوحرانە تەماشا بکرێت. لە خوێندنەوەی یەکەم بە دەسپێشخەرییەکی ئازادیخوازانە دەبینرێت، بەڵام لە داو خۆێندندنەوە گەلێ گومان لە دەوری ئەم تێرمە کۆ دەبێتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ویست و خواستی سروشتیی دانیشتوانی کوردستان خۆی لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ دەبینێتەوە، بەڵام دامەزرێنەرانی ئەم رەوتە چوونە ژێر رکێفی گەمەیەکی لە خۆیان زل و قەبەتر بوو. لەکۆتایی دا زۆر زیرەکانە لە لایەن سیاسەتەوە وەکو وەرەقەی زەخەت بەکارهێنرا. لە دوا هەڵبژاردنەکانیش دا، ئەوانیش هەر هەمان دەنگیان پێ برا. دوو هاوکێشە لەیەکتر ترنجان بە قازانجی سیاسەتی حیزب کۆتایی هات.

ئەگەر بهاتبایە ئەم رەوتە سەربەخۆیی خۆی بپارێزایە، دەیتوانی ئێستاشی لە گەڵ، ببێتە رێبازێکی ئازادیخوازی تەواو. بەڵکو هەر لە سەرەتاوە بە دڵەرایکێوە هاتنە پێشەوە و هیچ داخوازییەکی کۆنکرێتیان نەبوو لەوەی " وەرن بزانن چیمان دەوێ" کەسێك نەبوو فریایان بکەوێت بۆیە ئەو شەرعییەتەیان بە خۆ رەوا بینی و لە هەمان رۆژی هەڵبژاردن ئەوانیش کاغەزێکی نا رەسمییان دا بە هاوڵاتیان. ئەوەندەی تر نارەسمییەتیان دا بە خۆ. تەعبیرێکی تەواو سوریالی بوو کە بە رای ئێمە دەبوایە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانییان رەنگی بدابایەوە. ئەگەر نوخبە و رۆشنبیرانی میللەتێك خۆیان نەزانن چیان دەوێ " نەتەوە یەکگرتووەکان" زۆر

بە جدییەوە بەرەی پیریان ناچێت. هەر ئەمەش بوو رووی دا. ئەمە موغامەرەیەکی رۆمانسییانەی رۆشنبیران بوو، بەر و بەرهەمەکەی سیاسەت دەیقۆزێتەوە. سوودی هەبوو، بەڵام ئامانجی خۆی ناپێکێ، چونکە پرۆژەیەکی نووقسان بوو.

ئەم دیاردەیەش دەکرێ بە دیاردەی دوای راپەڕین بدرێتە قەڵەم، بەڵام دیسانەوە ئەمە جۆرە تەمەللوکردن و خاوەنداریێتی رۆشنبیرییە. دەکرێ بە بەرهەمی ئازادیش بدرێتە قەڵەم، بەڵام خێرا نەیارە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەبووژێنێتەوە. ئەویش رەقیبی کۆمەڵایەتییە. بۆیە کاتێك لەو پانتاییە ورد دەبینەوە خیرا سنووره دەسکردەکانی دەبینین و خێراش ئەو مەودایە سنوورەکانی ئازادی نووسەر و داهێنەر تەسك دەكاتەوە. دەگاتە ئاستێك گرووپە رۆشنبیرە ئازادخوازەکان کاتی فرساتیان بۆ رێکدەکەوێت هەڵبێن بۆ ئەوەی ئیدامە بە رەوتە ئازادییەکانیان بدەن، بەڵام ئەوانیش بە چاوهەڵتەکاندنێکی دەسەڵات ئامادەن بگەڕێنەوە و بە باڵای رمزە رۆشبیرەکانی دەسەڵات هەڵبشاخن. بوحران بوحرانی لێوە دەزێ.
تاکو ئێستا لە هەردوو تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکە رەخنە لە سەرکردەی ئەو حیزبە بە هیچ شێوەیەك نەگیراوە. یا ئەوەتە ئەم دوو سەرکردەیە دوو فریشتەی مەعسوومن، یا ئەوەی رەخنە بگرێ رزقەکەی دەبڕن؟ هەموو ئینسانێکی ژیریش زیاتر بڕوا بە گریمانی دووەم دەکات.
بۆیە نەیاری کۆمەڵایەتی دوا نەیارە لەو کۆمەڵگایانە. بە هیچ جۆرێ شۆرش ناتوانی بنبڕیان بکات یا سنووریان بۆ دابێن بکات، چونکە ئەم ئەکتەرانە بەرهەمی شۆرشن. بەڵکو لەمەش زیاتر، لە شیوەی کەسایەتی نابینرێن و ئاودیوی عەقڵییەت و رەفتار و هەڵسوکەوت دەبن. واتە دەچنە ژێر پێستەوە. ئەوەی بە شۆرشی فەرەنسی نەکرا، لە بەهاری شەست و هەشتی سەدەی رابردوو رووی دا. گەورترین تەوقشکاندنی کۆتە کۆمەڵایەتییەکان بوو و بە تەواوکەری شۆرشی فەرەنسی حسێبی بۆ دەکرێ. چونکە هێز و وزەیەکی بەرهەمبەخش سەرداریی دەکرد. شکاندنی تەوقە باو و رزێوەکانی کەلەپوورێکی داتەپیو بوو.
بۆیە کاتێك سەیری ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتا و هەشتاکانی هەمان سەدە دەکەین چاومان بە بەرهەمێکی بە پیت و بەرەکەت دەکەوێت کە بەشدارییان کە دەوڵەمەندکردنی فیکریی جیهان هەبوو. لە پاڵ ئەدەبییاتێکی مولتەزیم بە کێشە هاوچەرخەکان، ئەدەبێکی دیکەی سەرچڵ گەشە دەکات، سەرتاپای تیۆرییەکانی سەدەی نۆزدە سەرودیو دەکات، جگە لە رێبازیی سینەما کە پانۆێل و رێنوار بەرێوەی دەبەن، دەبنە تەواوکەری بەرهەمێکی کە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە.
هەموو دیاردەیەك رەگی هەیە، واتە مێژووی هەیە، بەلام مێژووی هەموو دیاردەیەکیش کە ساتە وەختێك دا لە دایك دەبێت. کاتی باسی ساڵانی شەست و هەشت دەکەین، نابێ سەدەی نۆزدەممان لە یاد بچێت کە بە سەدەی نوێخوازی دەدرێتە قەڵەم، نەك تەنها لە بەر ئەوەی ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار بە ژێر نووکی قەڵەمی بۆدلێر دا تێدەپەرێ، بەڵکو یەکێکی وەکو هۆفمان نەخشەی شارێکی نوێ بۆ پاریسێك کێشا کە هێشتا کووچە و خیابانەکانی سەر بە میعماری تەسکی سەدەکانی ناوەند بوون. بۆیە کاتێك سەیری نۆیخوازی دەکەین نابێت تەنها لە روانگەی شیعرێکی لەنگ و شیعرێکی دیکەی هاوسەنگی سەر بە کەلەپوورێکی مەنگ و وەستاو تەماشا بکرێت. کاتێکیش بە وردی ئەو شیعرە بە ناو نوێخوازانە دەخوێنینەوە، ئەوە گشت بەهاکانی دەرەبەگایەتی لە دووتۆ و لۆچەکانی دەق دا حاشردراوە. بۆیە رەخنەگریش لەو

جیهانە دەمداخراوەدا، لە ژێر بارستایی بەهاگەلێك ناتوانی رۆشنایی بداتە دەق.

بۆیە نوێخوازی لە جیاتی ئەوەی ببێتە پرۆژەیەکی سەرتاپاگەریی، دەبێتە چەند خڵتە پرۆژەیەکی کورتبڕ کە ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆی ناپێکێت، چونکە ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان رەقیبی تەواون لەو مەیدانەدا. چونکە لە دیدەنیگای سیاسەتەوە ئەدەب و داهێنان لە دوا پێناسەداش بە وەزیفەئامێزە سەیر دەکرێت. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە سیاسەتمەدار هەمیشە بیر لە رۆشنبیران دەکاتەوە و لە کاتی سەرهەڵدانی رووداوێکی گرینگ داوەتیان دەکەن و ئەم چاوپێکەوتنانەش شیکلێکی رەسمی وەردەگرن. بەمە "داهێنەر" ئاوێتەی سیاسەت دەبێت. بە تاکیش داوەت ناکرێن، بەڵکو وەکو یەکێتییەك، وەکو بلۆکێك، وەکو کوتلەیەك. ئەمەش تاکخوازی لە داهێنەران دەسەنێتەوە و دەیانکاتە فاکتەرێك لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان.
ئایا لە نێو ئەم داوەتە رەسمییانە دەسەڵات چ گەرایەك دادەنێت؟ ئەی ئەم نهێنییە چییە کە وا دەکات کە ئەدەبی ئێمە نەتوانێ بە تەواوی ئازاد بێت. هەر دەسەڵاتە بە شیوەیەکی راستەخۆ و ناراستەوخۆ بژێوی نووسەران مەیسەر دەکات. ئەمەش وەرەسەی رژێمە شموولییەکانە. ئەمەش هۆیەکی سەرەکی کەمبوونی خوێنەرە لای ئێمە. خۆێنەر وەکو داهێنەری یاخییە هەمیشە لە دوای بەرهەمی بوێر و بە توانا دەگەرێت. پێش راپەرین خوێنەر زۆر بوو چونکە لە ئازادی دەگەڕا، دوای راپەرین خوێنەر کەمە چونکە کاڵای ئازادی پێ دەفرۆشن.
هەمیشە ئەوەمان لە بیر دەچێت کە داهێنان موغامەرەیە. بۆ نموونە کاتیك رێبازی "رۆمانی نۆێ" وەکو شیکلێکی دیکەی رۆمانووسین لە پاریس سەریهەڵدا، سەرەتا، هەر وەکو هەموو بەرهەمێکی نوێ، بە سڵەمینەوە ئاوڕی لێدرایەوە. بەڵام خاوەنی دەزگای بڵاوکردەنەوەی "مینوی" باوەشی بۆ ئەم بەرهەمانە کردەوە و بەرهەماکانی سارۆت و رۆب گرییە و بیکێت و هیترانی بە خوێنەر ناساند. بۆچی رووداوێکی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای ئێمە روو نادات؟
ئەوەی دوای راپەرین رووی دا، رەنگە هەموو شتێك بێت، تەنها نەیتوانی چەند دامودەزگایەکی سەربەخۆ بهێنێتە کایەوە و نووسەری بوێر بتوانێ لە تەك خوێنەری بە تامەزرۆ، لە ئاووهەوایەکی تەندروست واقیعێکی رۆشنبیریی دروست کەن. رەنگبێ وەڵامیش ئەوە بێت کە کەس رێگر نەبووە! بەڵام حیزبەکان خێرا خۆیان کردە خاوەنی نوێخوازیی و ئەمەشیان قۆزتەوە. واتە حیزب هەوڵی بێوچان دەدات لە تەمەللوکردنی سەرتاپای سامانی نەتەوایەتی. بۆیە هێزی موعارەزە لەو کۆمەڵگایانە بێهێز دەبن، چونکە حکومەت خاوەنداریێتی دەکات و رەنگبێ مووچەشیان بۆ ببڕنەوە. بۆیە موعارەزەش بە مانا ئیجابییەکەی دەسڕێتەوە. لە هەموو وڵاتان حکوومەت بودجە دەداتە حیزبە تەنها لە لای ئیمە حیزب مووچە دەداتە حکوومەت. حیزب لە هەمان کات دا حکوومەتە، لە هەمان کات دا رۆحی نەتەوەیە، لە هەمان کات وەرەسەیە! ئەمەش بوحرانی راستەقینەی مەنگ بوون چەقبەستنە.

رەنگە ئێستا لە بەر گەلێ هۆ ئەم بوحرانانە بە تەواوی و ئاشکرا بەرچاونەکەون، بەڵام ئەم کێشانە بە تێپەربوونی کات یەك لە دووی ئەویتر بە رووی دەسەڵاتەکانە دەتەقێتەوە.

لە بواری چاپ و بڵاوکردەنەوە ئەگەر بیت هەموو بڵاوکراوەیەك لە ژێر سێبەری یاسای چاپ و

بڵاکردنەوە، وەکو لە گەلێ وڵاتی دیموکراسی دا رچاو دەکەوێت، پیادە بکرێت، ئەو کات رێسا و دەستووری گەمەکان بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەبن، لادان لەم یاسایانە نابێتە کاری حیزب، بەڵکو دەبێتە کاری داد و دادوەری. لەبەر ئەوەی دادیش بە شیوەیەك لە شیوەکان لە ژێر فشاری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەویش ناتوانی، سەربەخۆیانە بە کاری خۆی هەڵسێت. واتە لە کۆمەڵگای تەقلیدیی، دەکرێ گەمەی دامازراو و موئەسەسات بکرێت، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکان دا قاوغی بێ رۆحن. چونکە جارێکی دێش کۆمەڵگای نۆێخواز واتە کۆمەڵگای دامەزراو.
چونکە یەکێك لە سیفاتەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی فاکتەرێ " نەوتراو"ە کە گرینگییەکی گەلێ زۆری هەیە. ئەم فاکتەرە یەکێکە لە لقەکانی زانستی زمانەوانی کە راستەخۆ پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. واتە بنەما کۆمەڵایەتییەکان کاری لە سەر دەکەن و دەستوور و یاساکانی رێکدەخەن و لە کۆتاییش دا بە یاسای نەنووسرای دەناسرێنەوە. واتە ئەم فاکتەرەیە کە رۆڵی سانسۆر دەبینێ. سانسۆرێکە کە تەنها وەکو فشارێك بەکاردەێنرێت بۆ ئەوەی وزە کۆمەڵایەتییەکان دابپڵۆسرێن و وەکو وزەیەکی نوێ بە کارەکانی خۆیان هەڵنەسن. بۆیە دەسەڵات هەرگیز نایەوێت بچێتە نیو گەماکانی یاسای دارێژراوەوە، چونکە ئەو کات هەموو چالاکییەکان بە ئاشکرایی بەرێوە دەچن و فاکتەری "نەوتراو" رۆڵی نامێنێ.
حیزب لە کۆتایی دا بە ئامێرێکی زەبەلاح دەچێت کە لە کۆتایی دا تەنها مانەوە و گەشەکردنی خۆی لە لا مەبەستە. بە پێی پێویستیش دروشمی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ و زۆر زیرەکانەش مامەڵە لە گەڵ دراوەکان دەکات. ئەم پێناسەیە هەندەی تر ترسناکە کاتێك لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی ئێمە روو دەدات. چونکە کۆمەڵگا هێشتا هەموو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خۆی نەهێناوەتە دی. هەر لێرەوە سیاسەت تەواو مانا کۆنە یۆنانییەکەی فەرامۆش دەکات کە لە رێکخستنی شاردا خۆی دەبینییەوە. لێرە بە هیچ شیوەیەك ئێمە ئاماژە بۆ ئەوە ناکەین کە حیزب و سیاسەت لە بنەڕەت دا ترسناکن، نەخێر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیخەینە روو بنەما شاراوەکانێتی. بۆیە کاتێك باس لە ئازادی دەکرێت هەمیشە وەکو پرۆژەیەکی ناتەواو دەبینرێت، ئازادییەکی پچڕ پچڕە هەروەکو دیاردە ئاوادانییەکانی دی. کاتێك بە ناو شارا، بە گەڕەکەکانا پیاسە دەکەی هەمیشە هەست دەکەی شار بێ ساحێبە. چونکە سیاسەت لە رۆڵی خۆی لای داوە. ئەگەر هەندی جار چاوت بە شەقامێك، بینایەك، باخچەیەك دەکەوێ دڵ دەکاتەوە، بەڵام سەد مەتر دوورتر کەلاوەیەك باسی مێژووی سەرتاپای خەمەکان دەکات.
چونکە سیاسەت بە تەواوی ناروانێتە شار، ئەو دەروانێتە خۆی. بۆیە لە توانای نییە ئازادی تەواو بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دابێن بکات و لێرەوەش تاکی داهێنەر ناتوانی پر بە گەرووی خۆی هەناسەی پاقژ هەڵمژێ بۆ ئەوەی باخچەکەی ناخی پێ ئاو دات. ئازادی ناتەواو بەرهەمی دوای راپەڕینیشە. "ئێوە ئازادن هەر چییەك دەنووسن، بەڵام دامودەزگاکانیشمان ئازادن چی بڵاودەکەنەوە". ئەمەش درووشمی نەوتراوە. لە کۆتاییش دا ئەمە پەیامی هەموو حیزبێکە. چونکە ئەو ئازادی نابەخشیت، بەڵکو یاسا دەتوانێ ئەو ئازادییانە دابێن دەکات. لە پاڵ " نەنووسراو " و " نەوتراو" هەمیشە پرۆژەکانمان بە ناتەواوی دەمیننەوە.